وەزارەتی ناوخۆ: دەستگیرکردنی بازرگانێکی مادەی هەشبەر لە موسەننا

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی ناوخۆ دەستگیرکردنی بازرگانێکی مادەی هەشبەری ڕاگەیاند کە هەرشی کردە سەر هێزێکی ئەمنی لە موسەننا. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ماددە هەشبەرەکانی سەر بە وەزارەت لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: هێزێکی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ماددە هەشبەرەکان و کارتێکەرە دەروونییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ بازرگانانی ماددە هەشبەرەکان لە موسەننا ڕوبەڕووی یەك بوونەوە. ئاماژەی بەوەشکرد: هێزێکە بەگوێرەی حوکمەکانی ماددەی 28ی ماددە هەشبەرەکان توانی یەکەك لە داواکراوان بریندار بکات و بە تاوانی بینراو دەستگیری بکات، دوای ئەوەی هەرشی کردە سەر ئەندامانی هێزەکە، و بەپێی یاسای ماددە هەشبەرەکان و کارتێکەرە دەروونییەکان ژمارە 50ی ساڵی 2017 ڕەکاری یاسایی دژی گیراوەتەبەر.